Dengekan

# له ڕاپەڕیندا ئێمە گوڵ باران و شیعەش گوله باران کران!

**عەلی مەحمود محەمەد**
www.anfal.be

چەند ڕۆژێکه ڕاگەیاندنه کوردیەکان پەیتا پەیتا, هەواڵی دەستپێکردنی دادگایی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی برا هەقه شیعەکان له باشوور دووباره دەکەنەوه , نازانم ئایا تەنها شیعه ڕاپەڕینی کرد ؟ , ئەی کورد لەوکاتانه پیازی پاك کرد ؟ , ئایا ئەوەی له کوردستان ئەنجامدرا ڕاپەڕین بوو یان ڕوداوی له بیرکراو ؟ , ئەی ئەو هەموو داستانانه چییان لێهات ؟ ئەی قارەمانیەتی خەجه باوەو ئەمنه سورەکەو ڕەحیماوه له کام لاپەڕەی مێژوودا ون بوون ؟ , کەوتنه بن کام لادیواری کاولکارییەوه ؟ , ئەی ئەو هەموو شوراو دەسته چەکداره خەون بوون یان ڕاستی ؟ , ئەی ئەو هەموو شانازییه هەڵبەستراوانەی بەرپرسان له یادی ڕاپەڕیندا , ساڵانه قەوانەکەیمان بۆ لێدەدەنەوه چییان لێهات ؟, ئەی بەعس له ڕاپەڕیندا تەنها شیعەی سەرکوتکرد ؟ , خۆ هەموومان کۆڕەومان له یاده , که له ئەنجامیدا هەزاران کەس له سەرما و له برسا گیانیان بەختکرد , هەر مەرگەساتی کۆڕەو نەبوو ویژدانی جیهانی جوڵاند , واداریانی کرد هێڵی 36 پەسەند بکەن بۆ پاراستنی ئەو گەلەی سەرتاپا لەبەر کرێوەو زریانا لەرز گرتبووی , ئەو هێڵەی تاکو دنیا دنیایه , سەرانی کورد له مەرحەمەتی خێر و بەرەکەتەکەی دەرناچن .

کەم دایکی کورد له سەرکووتکردنی ڕاپەڕیندا , هەموو نەوەکانی له دەست دا ؟ , کەم خانەوادە هەبوو له بنەڕەتەوه پاککرانەوه ؟ , هێرش بۆسەر نەخۆشخانەی ئازادی کەرکوك له بیرکرا , تەواوی نەخۆش وبریندارەکان ناوی به دەست بەستراوی و چاوکراوەیی له چەند نهۆمەوه به زیندویی فرێدرانه خوارەوه , ئەی ئەو هەزارانەی له جەماوەر و پێشمەرگه فریای خۆ قوتارکردن نەکەوتن ؟, مەگەر له بیرمان کرد له سەرکووتی ڕاپەڕیندا یەك کوردی کەرکووك نەبوون به خاوەند ماڵ و حاڵی خۆیان , ئەوەی سەری چوو چوو , ئەوی دیکەش زەوی و ئاسمان بوونه ماڵ و حاڵیان , سەدان هەزاریشیان تاکو ئەم چرکه ساتەش نەگەڕانەوه سەر زێدی باوباپیرانیان , مەگەر له یادمان کرد هەزاران کەس لەکاتی چۆڵکردنی شارەکان به تۆپباران و کۆپتەرباران گیانیان بەختکرد , مەگەر ئەو ڕۆژانه زەوی و ئاسمان له کورد نەکران به ئاگر , مەگەر غەزەبی خوداش قلبڕمانی نەکرد له سەرماو زریانەکەی , مەگەر و هەزاران مەگەری دیکه , کێشەکه دیسان له نەبوونی زاکیرە و خاوەنداریەتییەوەیه .

گەلۆ ئەگەر وەك کورد بێکەس بیت , ئەوا نەك لەم دادگایه , بەڵکه له هەزارانی دیکەش بەشت هەر دۆڕانه , بەشمان هەر غائیب بوون و ماف فەوتانه .

له دادگای ئەنفال یەك کورد تەسلیم به دادگا نەکرا , یەك پەڕە کاغەزیش پێشکەش نەکرا , له دادگای ڕاپەڕین هەزاران قوربانی و سەدان هەزار ئاوارەی کورد هەر باس نەکرا , بۆ کەیسی هەڵەبجەش هەروا , سەرباری ئەوە وێنەکەی عومەر خاوەریش لەگەڵ زەویدا تەختکرا ..... .

گەلۆ خەریکه مێژووی نەهامەتیەکان , هیمای قوربانیەکان هەموو دەسڕنەوه , کەچی له بەغدا شەڕ گەرمه لەسەر یاسای تاڵانی نەوت و 17٪ قوتی هاووڵاتیان و تەندەری ئاسیاو کۆڕەك تلیکۆم , لەسەر دامەزراندنی کەس و کاریان , ئەوان هەقیانه , ئاخر ئەگەر مێژووی قوربانیەکان گەل نەسڕنەوه , ناتوانن ڕەوایەتی به تاڵانیەکانی هەنووکه بدەن .